Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.09.01 00:01:27 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# سەفەرێکی دیرۆکی

**حەمەسەعید حەسەن**

* پاییزی ١٩٩٢، ڕۆژی جاڕدانی فیدرالی و پێش لەشکری تورک کەوتن، بۆ قەلاچۆکردنی پەکەکە، هەر هەمان ڕۆژ بوو.
* کە دوای ڕاپەڕین کورد لە نێوان خۆیدا کردی بە شەڕە تەقە، لەشکری تورکیا هات و وەک ناوبژیوان لە بەرەکانی شەڕدا کەوتە نێوان دوو زلحیزبەکەوە.
* سەرەتا پدک و دواتر ینک نازێکی زۆریان بە بەرەی تورکمانی دا.

ئەگەر ئەو ڕووداوانە نەخشی سەر بەردی بیرتان بن، ئەوا دەزانن، تورکمانە توندڕۆکان (وێڕای ئەو ڕێزەی کورد لێی گرتوون، کە بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق، یەک لە دەی ئەوەشیان بە خۆیانەوە نەدیوە) بۆچی هێندە نزم سەیری دەسەڵاتی کوردی و کوردستان دەکەن؟ ئەوە لە لێنەهاتوویی سەرانی کوردە، تورکمانی توندڕۆ کە هاوڵاتی کوردستانە، گا خۆی بە خەڵکی تورکیا و گا بە عێراقی لە قەڵەم دەدا.

ئێوە لە بیرتان ماوە، دوو زلحیزبەکە گا لە تاران و گا لە ئەنکارا، بە سەرپەرشتی داگیرکەران ڕێککەوتننامەی ئاشتییان لە نێوان خۆیاندا ئیمزا دەکرد؟ ئیدی تورکیا و ئێران ناهەقیانە کە سووک سەرنجی داخوازییەکانمان دەدەن؟

*

ئەگەر ئێوە پێتان وایە جەلال تاڵەبانی کە هەڕەشە لە عێراق دەکا، حسابێکی وردی بۆ هەر وشەیەکی نەکردووە، ئەوا ببوورن کە دەڵێم لە نێو لیتەی هەڵەدا نوقم بوون.

ئاخر ئەمریکا پەیمانی پێ داوە کە تورکیا دەست ناخاتە نێو کاروباری عێراق و کوردستانەوە.(١)

ئاخر لەمێژە ماسکی دژی گازی ژاراوی و کەرەسەی خۆپاراستن لە چەکی بایۆلۆژی بەسەر هەموو خەڵکی کوردستاندا دابەش کردووە.(٢)

ئاخر تا نەوت و ئازووقەی ساڵێکی نەگەیاندە هەموو خێزانێکی هەردوو دەڤەری سۆران و بادینان، سەفەری واشینگتۆنی نەکرد.(٣)

2002. 09. 01

(١) ئەگەرچی ڕۆژێک بەسەر ئەو گوتەیەیدا تێنەپەڕی، تورکیا گوتی: ئێمە گفتی وامان بە ئەمریکا نەداوە!
(٢) ئەمەم بۆ چەواشەکردنی دوژمن نووسیوە، تکایە با لە نێوان خۆماندا بێ.
(٣) دەزانێت هێشتا نەوت و ئازووقەمان لەسەر عێراقە.